# کوردو هەڵپەڕینی بێ مانا!!



مەلا یاسین وەرتی

مەولانای رۆمی دەگێڕێتەوە: جارێك دەروێشێك بەخۆیی و گوێ درێژەکەیەوە میوانی تەکیەیەك دەبێ، دەیەوێ شەو لەوێ بمێنێتەوە، گوێدرێژەکەی تەسلیمی خزمەتکاری تەکیە دەکات تا بۆی بحەوێنێتەوە، ئێوارە دەروێشەکانی تەکیە بەگوێدرێژی میوانەکەیان دەزانن، دەمێکیش دەبێ نانێکی باشیان نەخواردووە، بە دزیەوە دەچن گوێدرێژی دەروێشەکە دەفرۆشن و جەمە خواردنێکی باشی بۆ خۆیان و میوانەکەیان پێ دەکرن، شەو دوای ئەوەی تێر گۆشت و پلاو دەخۆن، دەروێشەکان دەست دەکەن بەشایی و هەڵپەرین و کەیف خۆشی، هەموو پێکەوە هەڵ دەپەرن و هاوار دەکەن (کەر ڕۆی.. کەر رۆی) دەروێشی میوانیش لەگەل ئەوان دەست دەکات بە هەڵپەرین و هاوار دەکات (کەر ڕۆی کەر رۆی) بێئەوەی لەماناکەی تێ بگات، بێ ئاگا لەوەی ئەو کەیف و شادی و هەلپەرینە بەپارەی گوێدرێژەکەی ئەو کراوە!! بەیانی پێش ئەوەی میوان لەخەو هەستێ دەروێشەکانی تەکیە هەر یەکەو بەلایەك دا خۆیان ون دەکەن، کاتێك دەروێشی میوان بەخەبەر دێ و دەیەوێ بڕوات، دەچێتە سۆراغی گویدرێژەکەی لای خزمەتکاری تەکیە، ئەویش پێی دەڵێ کە گوێدرێژ نەماوە، دەروێش خۆی لەخزمەتکار تووڕە دەکات کە بۆچی ئاگاداری نەکردۆتەوە، ئەویش پێی دەڵێ: قوربان ویستم پێت بڵێم بەلاّم کاتێك هاتم دیتم جەنابت لە هەمووان بە گوورتر هەڵدەپەری و دەتگوت (کەر ڕۆی کەر رۆی) منیش وام زانی بەقسەی تۆ بووە!! ئەوجار دەروێش پەنجەی خۆی گەست و زانی چەند ساویلکە بووە، بێ ئەوەی بزانێ مەسەلەکە چییە ئاوا کەوتۆتە هەڵپەرین!!.

ئەو چیرۆکە بۆ پەندو وانە وەرگرتن گوتراوە نەك بۆ پێکەنین، بۆ ئەوانە وتراوە کە دوای شتێك دەکەون و بۆی هەڵدەپەڕن بێ ئەوەی تێی بگەن و هۆکارەکەی بزانن.. بێ ئەوەی بزانن ئەوەی دەیکەن لەبەرژەوەندیانە یان لە زەرەریان!! ئێمەی کورد چ وەك میللەت و چ وەك حکومەت وەك ئەو دەروێشەمان لێهاتووە!! بووینەتە کۆرسی هەڵپەڕین و سەما کردن.. کوێرانە لەگەڵ ئەوانی تردا هەڵدەپەڕین و بەئاوازی ئەوان سەما دەکەین بێ ئەوەی بیری لێ بکەینەوەو لەئامانجەکەی تێ بگەین.

بۆ هەموو بۆنەیەك شایی و هەڵپەرکێ ئامادەیە.. بۆ هەموو ناسراوو نەناسراوێك، بۆ هەموو ئاشناو بێگانەیەك بێ قەیدو شەرت دەرگای ولاّتمان لەسەر پشتە بەتایبەت ئەگەر ئەو بێگانەیە گۆرانی بێژ یان کۆمپانیای نەوت بێ!! هەر شتێك ریکلامی بۆ بکرێ ئێمە یەکەم کریارین.. زێری خۆمان دەگۆڕینەوە بە زبڵ و خاشاکی دەرەوە.. نەك گڵی دوور بەڵکو ژەهرەکەشی بەدەرمان دەزانین.. ئەوەی لای میللەتانی تر کۆن دەبێ ئێمە بەوپەڕی حەماسەتەوە زیندووی دەکەینەوە.. ڕاگەیاندنەکانمان بەرماوەی دراوسێ عەرەب و فارس و تورکەکان دەرخواردی بینەرو بیسەری کورد دەدەن.. سوورین لەسەر سڕینەوەی تایبەتمەندیەکانی خۆمان و خۆڕەنگ کردن بەڕەنگی ئەوانەی پێیان سەرسامین.. لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە ئەو پاشکۆیەتیەمان بەنیشانەی پێشکەوتن دەزانین!!.

دەیان بۆنەی نامۆو نەخواردوو بە واقیعی ولاّت و میللەتمان کردۆتە بار بەسەر خۆمانەوە، خەلکی پێوە سەرقال دەکەین و سامانی گشتی تێدا بەزایە دەدەین، لە بۆنەیەکی وەك کریسمس و سەری ساڵدا هەفتەیەك پشوو بەکەم دەزانین، لەکاتێکدا ئەوان نەك جەژنی قوربان و ڕەمەزان بەڵکو نەورۆزیش تەنها رۆژێك ناکەنە پشوو بۆ ئەو هەموو کوردو رۆژهەلاّتیانەی تر کە لەدەرەوە دەژین، ئێمەش کلتورو زمان و ڕەسەنایەتی خۆمان واز لێ دەهێنین بۆ ئەوان.. لەمێژوودا کێ بیستوویەتی کورد لە زستاندا جەژنی گێرابێت و هاتبێتە دەرەوە، هەرکەس تەماشای جادەو شەقام و راگەیاندنەکانی هەرێمی کردبێت لەبۆنەی سەری ساڵی زایینی دا وای هەست دەکرد زۆرینەی کورد فەلەن و هەزاران ساڵە ئەو جەژنە دەگێڕن، ئەوەندە بەجۆش و خرۆش و گەرمیەوە خۆی بۆ ئامادەکراو ئاهەنگی بۆ گێڕدرا سلێمانی و هەولێر بووبوونە پاریس و رۆما!! بەدووری نازانم دوای چەند ساڵێکی تر واز لەسەری ساڵی کوردی و نەورۆز بێنین یان بیهێنینە چلەی زستان بۆ ئەوەی پێمان نەڵێن میللەتێکی دواکەوتوون!! ئەمەیە واقیعی ژیان و بیرکردنەوەی پێشکەوتن خوازەکانی ئەم هەرێمە ناجێگیرەی کوردستان!! .

yasinwarty@yahoo.com



# ژیانمان لەنێوان ساڵی رابردوو وساڵی داهاتودا



صلاح الدين باقر- سيدصادق

شەوو رۆژ هەفتەو مانگ و ساڵ لەگرنگترین و بایەخ دارترین پێکهاتە سەرەکیەکانی ژیانمانن و بەهۆیانەوە دەتوانین باشترین دەسکەوت بۆ دنیاو دوارۆژو خۆمان و کۆمەڵگەمان مسۆگەر بکەین هەروەك خوای گەورە گرنگی شەوو رۆژەکانی تەمەنان بۆ دیاری دەکات و دەفەرموێت (وَجَعَلْنَا اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ آيَتَيْنِ فَمَحَوْنَا آيَةَ اللَّيْلِ وَجَعَلْنَا آيَةَ النَّهَارِ مُبْصِرَةً لِتَبْتَغُوا فَضْلًا مِنْ رَبِّكُمْ وَلِتَعْلَمُوا عَدَدَ السِّنِينَ وَالْحِسَابَ وَكُلَّ شَيْءٍ فَصَّلْنَاهُ تَفْصِيلًا)، بۆیە لەدەروازەی ساڵی تازەداو لەماڵئاوایی ساڵ رابردوودا چەند خاڵێك دەخەینەڕوو بەمەبەستی دیاری کردنی کارە خراپ و چاکەکانمان دانانی نەخشەو پلان بۆ بەرێکردنی ساڵی داهاتوومان بەباشترین شێوە.

١-کۆتایی ساڵ کۆتایی تەمەنمانە: واتە بەتەواوبوونی رۆژەکانی ساڵ تەواوبوونی تەمەن و عومری خۆمان بەرەو کەناری ئاوابوون دەروات، چونکە تەمەنمان دیاریکراوە بۆ نمونە یەکێك لەپێشینان دەفەرمێت (يا من يفرح بكثرة مرور السنين عليه إنما تفرح بنقص عمرك) ئایا ئەوەندەی دڵخۆشین بەساڵی تازە ئەوەندە دڵخۆشین بەکەم بوونەوەی تەمەنمان!!!!

تێپەربوونی ساتەکانی تەمەن نزیك بوونەوەمانە لەقیامەت، کەواتە دەبێت فرسەتەکانی ژیانمان بەنرخ و بەرێزبێت لامان چونکە ساتەکانی تەمەنمان ژیان و عومرمان پێکدەهێنێت.

٢- ژیانی دنیا کورت و کەمە: کات و ساتی کۆتایی هەر مرۆڤێك دیاریکراوە وەك خوای گەورە دەفەرموێت (...لِكُلِّ أُمَّةٍ أَجَلٌ إِذَا جَاء أَجَلُهُمْ فَلاَ يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً وَلاَ يَسْتَقْدِمُونَ) یونس: ٤٩ مادامێك کاتی کۆتایی دیاریکراوە هەرچەند تەمەنت درێژبێت هەر تەمەنت کورتە چونکە رۆژێك دێت خۆری ژیانت ئاوا ببێ، ئەوەتە خۆشەویستمان سەبارەت بە تەمەنی ئومەتەکەی دەفەرموێت: (أن عمر أمتي من ستين سنة إلى سبعين)، کە ئەمە زۆرینەی تەمەنی خەڵکی بێت کەواتە پێویستە ئاگاداری رۆژە کەمەکانی تەمەنمان بین و لەباش ترین کارو رەفتاردا بەسەری ببەین.

شێخ حەسەنی بەصری دەفەرموێت (مرۆڤ لەکۆمەڵە رۆژێك پێکهاتووە کاتێ هەر رۆژێ دەروات ئەوا بەشێ لەتەمەن و عومری تۆ دەروات).

٣- هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ساڵی رابردوو: بەهێزترین مرۆڤو سەرکەوتووترین کەس ئەوانەن کە دەتوانن کەموکورتییەکانی ژیانی خۆیان دیاری بکەن، واتە گەورەیەتی و پێشکەوتن و هەنگاونانی مرۆڤ لەوێوەدەست پێدەکات کە بتوانێت خاڵە لاوازەکانی ژیانی دیاری بکات و هەڵوێستەیان لەسەربکات ئەوسا دەتوانین لاوازییەکان باشبکەین و هەڵەکانی ژیان راست بکەینەوە بۆیە سەری ساڵی تازە باشترین فرسەتە بۆ دۆزینەوەی کەسایەتی خۆمان.

یەکێك لە پێشینانمان دەفەرموێت (سعادتك في من تدرك ابعاد فشلك) واتە بختەوەریت کاتێ دەست پێدەکات کە بتوانیت خاڵە لاوازەکانت دیاری بکەیت.

عەبدالله ی کوری مەسعود دەفەرموێت (هیچ کات بەقەدەر ئەوە پەشیمات نەبوومەتەوە کاتێ رۆژێ بەسەرما تێپەریبێ و لەتەمەنم کەم بووبێتەوەو کاری چاکەم تێدا ئەنجام نەدابێت).

٤- فرسەت هێنان لەژیان و ساڵتازەی تەمەنمان: پێویستە ئەم قۆناغەی تەمەنان بەفرسەت بزانین و باشترین جۆری کارو ئەرکی تێدا ئەنجام بدەین.

خۆشەویستمان ئاگادارمان دەکاتەوە گەر نەتوانین سود لەفرسەتەکانی ژیان وەربگرین ئەوا ئەو هەلانەمان لەکیس دەچێ و سبەینێش خەسارۆمەند دەبین لەدوارۆژدا قال (صلى الله عليه وسلم): (اغتنم خمساً قبل خمس: شبابَك قبل هَرَمِك، وحياتَك قبل موتِك وفراغَكَ قبل شُغْلِك، وصِحَّتَك قبل مرضِك، وغِنَاك قبل فقرك).

# موسڵمانانی سەدەی (٢١)و چەقبەستنی هۆش

حەیدەر عەبدوڵڵا

هۆش کە شەختەی کردو لەناخی خوڕافات رۆچوو زۆر ئاستەمە جارێکی دیکە حەز بە تroوسکایی ڕووناکی بکات.

لەئیسلام دا نوێگەری ئامانجێکی هەر سەرەکییە، دەقەکانی قورئان کراوەن بۆ هەموو تەفسیرێکی گونجاو. بە هیچ شێوەیەك دروست نییە رێبەرانی ئایینی بە چاوی دوێنێ بۆ ئەمڕۆ بڕوانن، یاخود ئەم فەتوایەی کە بۆ دوێنێ دەدەرا ناکرێ ئەمڕۆ کتومت بۆ ئێستا کۆپی بکرێت.

ناکرێ ئایینی پیرۆزی ئیسلام لەگۆشەنیگای چەند زانایێکی دیارکراو قەتیس بکرێت و تەنها بە ڕاڤەی ئەوان ڕاڤە بکرێت، زۆرجار گوتوومە "ئیسلام زۆر فراوانترە لەوەی کەسێك کتێبێك دابنێت و ناوی بنێت: بیرو باوەڕی ئیسلام" کە بە بۆچوونی خۆی دەقی ئایەتەکانی لێکداوەتەوە.

هەڵگۆزین (الإجتهاد) لە ئیسلامدا بایەخێکی زۆری پێدراوە، زانایان دەتوانن بە گوێرەی پێشکەوتنی زەمان و گۆڕانی مەکان چارەسەرەی گونجاو بۆ قەیرانەکان دابنێن و ئایین بەڕووخسارێکی گەش و کراوە پیشان بدەن، نەبادە دەرفەت بۆ دووژمنانی دڵ بە قین بڕەخسێت و بڵێن ئیسلام ئایینێکی داخراوە و کەڵکی ژیانی نییە!

چەقبەستنی هۆش لەسەدەکانی رابردوو گەر بێدەنگی لێکراوە تەنها لەبەر ئەوبووە کە پێشکەوتن بەم تەرزە خێراییە نەکەوتووەتە گەڕ، لەڕابردوودا کاتێك موسڵمان هۆشی خۆی دادەخست گوناهەکەی تەنها بۆ خۆی دەگەڕایەوە، بەلاّم دەبێ زۆر وریابین لە سەدەی بیست و یەکی ئەمڕۆماندا چەقبەستنی هۆشی موسڵمان لەسەر ئیسلامیش حیساب دەکرێ.

حەیف کە موسڵمانان هێشتا هەست بە گەورەیی ئایینەکەیان ناکەن، ئەوەندەی بەکاری سکپڕی و ئارەزووبازی و خوزەعبەلاتەوە خەریکن لەسەدا یەکیش بە ناسین و ئاشنابوونی ئایینەکەیانەوە خەریك نین.

خوێندەوارەو کتێبێکی لەسەر ئیسلامناسی نەخوێندوەتەوە، کەچی لە مەجلیسان زاری هێندە قەڵەباڵغە هەر دەڵێی کتێبخانەی قوتداوە! کاتێك کە سادەترین پرسیاری لێ دەکەیت لەبارەی ئیسلام هەموو جەستەی دێتە لەرزەو خواخوایەتی مەجلیس بەرەو ئاراستەیەکی دیکە وەرچەرخێنێ.

کاتێك کە هەڵەیەکی بۆ ڕاست دەکەیەوە دنیات لێ گرژ دەکات، کاکە من لە فلان و فیسارم وا بیستوە، هەرواش دەکەم، تۆ کێی؟. لێردا هۆش هەناسە بڕکێی دەگاتێ، چەقدەبەستێ و دەرگای هەرچی کرانەوەیە لەسەر خۆی دادەخات، بەمەش زیان بەخۆی و ئایین و ئایینپەروەران دەگەێنێت.

# قورئانە دەست نووسەکەی دایە خاصی!



مەلا اسامە د.سید بکر بەرزنجەیی

ئافرەتانی کورد شان بەشانی پیاوان وەستاون بۆ خزمەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، لەنێوان ئەوان دا (دایە خاصی) کە خێزانی زانای ناوداری کورد (شێخ حسن گلّەزەردە) یە کە خزمەتێکی گەورەو بەرچاوی بەبواری دەروونیو نووسین کردووە کە لەسەردەمی خۆیدا لەبواری فەلەك ناسی زۆر شارەزا بووە بۆ نمونە لەمزگەوتەکەی خۆی سێ کونی لەلای راستو سێ کونی لەلای چەپ کردبوو بانگی بانگدەرەکەی کردبوو کەی رۆژ لەم کونە هاتەژورێ ئەوە بانگی نیوەرۆیەو یا بانگی عسرە واتە وەك سەعاتێك بۆ کاتی دان بانگەکان دانابوو هەرناو مزگەوتەکەی چگە لە چەندان کاری نمونەی تری پیرۆز! وەشێخ محی دینی کوری لەیەك لەشاکارەکانیدا کە ئێستا ماوە ئینشائەلّلا لەداهاتوودا باسی دەکەین کە جۆن هەلّساوە وێنەی تەشریحی مرۆڤی کردووەو ناویان نووسی وە هەمووی دیاری کردووە بەزمانی فارسی، کە ئێستا لە کەرکوك نێژراوە لەگردی شێخ محی دین هەر بەناوی خۆی، ئەم خوشکە زاناو لێهاتووە توانی هەر لەمندالّی قورئانی پیرۆز لەبەر بکاتو شارەزایی تەواوی پەیدا بکات لەبنەماکانی ئایینی ئیسلامی پیرۆز بەتایبەتی لەبواری خۆش نووسیو زمانی عەرەبی کە بۆ نووسینەوەی ئایەتو فەرموودەکان هاتووە، بەلّێ زانینیو فێربوونی هونەری بەشێك بووە لەزانیینی ئایین، دایە خاصی توانی بەشێوەیەك لەم هونەرە سوود وەربگرێت کە گەورەترین شاکارەی بەرهەمی هێناوە لەنووسین، هەلّدەستێ بەدەستە رەنگینەکانی هەموو قورئانی پیرۆز دەنوسێتەوە کە بەر لە دوو سەدو پەنجا سالّە کە لەگەلّ نارەحەتی ژیانو بژێو مندالّ بەخێو کردنو مالّ بەرێوەبردن توانیویەتی ئەم کارە پیرۆزە بکا، ئەم ئافرەتە بەدەستێك شێخ محی دینی لەبێشکەدا هەژاندووە بەدەستێکی تر قورئانی نووسیویەتییەوە.

ئەم قورئانە دەست نووسە قەبارەکەی (٤٠بە ٢٤) سانتی مەترەو، ئەستوریەکەی (٩) سم، بۆ هەموو لاپەرێك ١٢ دێری بە خەتی (الثلث) نووسیووە. دوای قورئانەکەی مەلا موسای تەوەکەلی دێت لەرووی هونەریەوە، خۆشنووسێکی بەتوانابووە رەنگی سەرەکی رەشی بەکار هێناوەو کۆتاو سەرەتاکەی رەنگی سوری بەکارهێناوە، بۆ ناوی سورەتو ژمارەی ئایەتو شوێنی دابەزین (مکەو مەدینە) وە پاشان (بسم اللّه الرحمن الرحیم) بەرەنگی سوور نووسراوە، لەحاشیەکەی وشەی (خمس، عشرە) نوسراوە واتە پێنچو دە بەرەنگی سوور بۆ زانینی ژمارەی ئایەتەکە کە پێنج ئایەتی نووسیوە وشەی (خمس) داناوەو دە ئایەتی نووسیوە وشەی (عشرە) داناوە، بۆ جیاکردنەوەی ئایەتەکان بازنەیەکی سوری کردووەو خالّکی رەشی لەناو داناوە لەجیاتی ژمارەی ئایەت، حزبو جزو دیاری کردووەو نووسیووە، بەداخەوە کەمێك تەر بووەو تەرەشوعی کێشاوەو زەرد بووە، وە بەزۆر هونەری ئامادەکراوە بە (یاقیقو سپێنەی هێلکەو زاغ)یان بەکارهێناوە، لەم دواییەدا چەند لاپەرێکی فەوتابوو بەکاغەز نووسیانەوەو بەرگێکیان بۆ کردووە، ئەوەی جێگای سەرسورمانە لەلاپەرەی (٤٦-٤٧)دا لەسورەتی (البقرة) لەقەراغێکی خوارەوەی مۆرێك لێدراوە بەشێوەی دوو چوار گۆشەیی لەناو یەك کە هەشت گۆشە پێك دێنی لەناوەراستی دا ناوی (احمد یا محمد) نووسراوە کە ناوی پێغەمبەرمانە (صلی اللّه علیه وسلم)!

وە ژمارەی لاپەرەکانی (٧٦٢) لاپەرە قەبارە گەورە، لەناو خەلّکی بەقورئانەگەی دایە خاصی یا بەقورئانەکەی گلەزەردە بەناوبانگەو مەشهورە، وە لە چەندان بلاوکراوەو رۆژنامەو پەرتووك باس کراوەو ناوی هاتووە، لەکۆتایی هەر لاپەرێك وشەی سەرەتای لاپەرەکەی تری نووسیووە ئەمەش لەجیاتی ژمارەی لاپەرەکان، لەهەر جوار لای سێ لای بەتالّە بەرێژەی ٣ سم دەبێت بۆ شوێنی حاشیە، ئەوەی جێگای سەرسورمانە لەکوتا لاپەری قورئانەکە لەسوچێکی بەخەتی فارسی نووسراوە کە هەندێکی رەش بۆتەوەو هەندێکی دیارە نووسراوە لەسالّی ١١٤٤ك-١٧٢٢ز کە بەر لە دوو سەدو هەشتاو هەشت سالّە کە شێخ حسن لەسەفەرێکی بۆ ناوچەی هەمەدان رۆژئاوای ئێران بەفەرمانی احمد پاشا کوری حسن پاشا والی بەغدا باپیرەم لەگەلّ خۆی هێناوە شێخ حسن سەردار شێخ معروف شێخ حسن گلّەزەردە لە (١٤/ جماد الاول ١٢٢٤هـ-١٨٠٣)م دا.

ئێستا ئەم قورئانە لەناوچەی قەرەداغ لەگوندی گلەزەردە لە مزگەوت پارێزراوە، بەلّێ دەبێت ئەم کارە بە ئاسایی وەرنەگیرێت بەلّکو چەندان سمینارو کۆرو لێکۆلّینەوەی بۆ بکرێ کە ئافرەتانی کورد ئائەمە دەستو نووسینو کاریتیان با گەلان بزانن! نەك ئافرەتێکی کورد نەناسو کورد نەبوو و کورد نەدیو بەناوی (موژدێن صالح) دەلّێت من کوردم گۆرانیەکم بەرووتو قوتی بۆ کوردستان ئامادەم کردووە!!!

# کردارو گوفتار

**طاهر مەلا سید محمود**

بێگومان رەوشتو ئاکاری مرۆڤ روونترینو جوانترینو راسترین ناسنامەی مرۆڤە، مرۆڤ دەتوانێت بەرەوشتە جوانەکانی خۆی بکات بەجێگای باوەرو متمانەی مرۆڤەکانی دەوروبەریو رێزو خۆشەویستی لەدلّەکانیاندا دروست بکات، تەنانەت دەتوانێت کار لەئاژەلّو گیاندارەکانی تریش بکاتو دۆستایەتی دروست بکات، وەبەپێچەوانەوە رەوشتە خراپەکان مرۆڤ ناشیرینو بێزراو دەکەنو هەندێك جار کەسی زۆر نزیکیش بێزار دەبێت، وەبێوەری سەرەکی بۆ هەلّسەنگاندنی رەوشتی مرۆڤ بریتییە لەکردارو گوفتارەکانی ئەگەر کەسێك هەلّسوکەوتو جولّەی ئەندامەکانی باش بوو وەگوفتارەکانی خۆشو شیرین بوو، وە ئەم مرۆڤە بەکردارو بەگوفتار زیانی بۆ خەلّکی نەبوو بەلّکو سوودو قازانجی هەبوو ئەوا مرۆڤەکانی دەوروبەری بریار دەدەن بەچاکیو رەوشت جوانی ئەو کەسە.

خوای پەروەردگاریش چاودێرو نووسەری داناوە بۆ هەموو مرۆڤێك لەفریشتەکانی خۆی بۆ تۆمارو نووسینی کردەوەکان وەك لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرمویێت (وَإِنَّ عَلَيْكُمْ لَحَافِظِينَ (١٠) كِرَامًا كَاتِبِينَ (١١) يَعْلَمُونَ مَا تَفْعَلُونَ) الانفطار١٢، وەبۆ تۆمارو نووسینی وتەو گوفتارەکان وەك دەفەرمویێت (مَا يَلْفِظُ مِنْ قَوْلٍ إِلَّا لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ) ق ١٨ وەلەرۆژی قیامەتدا هەموو کردارو گوفتاری نووسراوی دەهێنرێتەوەو لەدادگای پر لەدادگەری خوادا بەپێی زیادو کەمی کردارو کوفتارە باشەکانی بریاری چاك یان خراپی بۆ دەدرێتو شوێنی بۆ دیاری دەکرێت (فَأَمَّا مَنْ ثَقُلَتْ مَوَازِينُهُ (٦) فَهُوَ فِي عِيشَةٍ رَاضِيَةٍ (٧) وَأَمَّا مَنْ خَفَّتْ مَوَازِينُهُ (٨) فَأُمُّهُ هَاوِيَةٌ (٩) وَمَا أَدْرَاكَ مَا هِيَهْ (١٠) نَارٌ حَامِيَةٌ) القارعة (١١) بەلاّم دادگای خوایی جیایە لەبریاردانی مرۆڤەکان، چونکە خوای پەروەردگار ئاگاداری مەستو نیەتی دلّەکانەو لەگەلّ کردارو گوفتارەکاندا حسابیان بۆ دەکاتو دەبێت هەموو کردارو گوفتارێکی جوان مەبەستو نییەتی جوانی لەگەلّدا بێت ئەگینا لای خوا قبولّ نییە، چونکە لەدونیا زۆر کردارو گوفتار دەکرێ لەبەرچاوی مرۆڤەکان جوانە، چونکە روکەشی جوان کراوەو مرۆڤەکانی پێدەخەلّەتێنو فریو دەخۆن، بەلاّم لەراستیدا نیەتو مەبەستی خراپی لەپشتەوەیەو لەجیاتی باشە خراپەیە ئێمە دەتوانین فێلّ لەیەکتر بکەین، بەلاّم فێلّمان لەخوا بۆ ناکرێت کەواتە باخۆمان نەخەلّەتێنین، لەوەش گرنکتر خوای پەروەردگار لێمان قبولّناکات کردارو گوفتارمان لەیەك جیابێتو بێچەوانەی یەکتر بن وەسزای توندیشی بۆ داناوە وەك دەفەرمویێت (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفْعَلُونَ(٢) كَبُرَ مَقْتًا عِنْدَ اللَّهِ أَنْ تَقُولُوا مَا لَا تَفْعَلُونَ(٣)) الصف بۆیە دەبێ بەتایبەتی ئەوانەی کە دەلّێن شوێن رێبازی پێغەمبەر کەوتووین (درودی خوای لێ بێت) دەبێ زۆر ئاگامان لەخۆمان بێت، چونکە سەروەرمان دەفەرمویێت: (من بۆیە هاتووم تاکردەوە جوانەکان تەواو بکەم) بۆیە دەبێت کاتێك بەخەلّکی دەلّێین بچن بۆ مزگەوت نوێژ بکەن دەبێت خۆمان نوێژکردن وەك وەزیفەی ئەوقاف سەیر نەکەین، بەلّکو لەخەلّك زیاتر بەتاسەو شەوقو زەوقەوە بچین بۆ مزگەوتو کاتەکانی ناو مزگەوتمان لەهەموو شت لەلا گرنگتربێتو مایەی خۆشحالّیمان بێت، وە هەر شتێکی جوانی تر بەخەلّك دەلّێین خۆمان پێشەوای راستەقینە بین بە کردار، وەهەرچی بەخەلّکی دەلّێین خراپە مەیکەن خۆمانی لێدوربگرین زیاتر، بەتایبەتی کاتێك بەخەلّك دەلّێین دونیا هیچ نییە، دەبێت زۆر ووریابین قیامەتی خۆمان نەفروشین بەودونیا هیچە، ئەگەر وابکەین سەربەرزو روشت بەرزی دونیاو قیامەت دەبین إنشاالله...

# بە ئامادە بوونی سەرۆكو جیگری سەرۆکی یەکێتی زانایان کۆبوونەوەی فراوانی مانگانەی لقی هەولێری یەکێتی زانایان بەرێوەچوو

**مەلا سید صدیق کە پرانی، راگەیاندنی لقی هەولێر:** سەرلەبەیانی ٢٠١٠/١٢/٣٠ بەئامادەبوونی مامۆستا مەلا عبداللە مەلا سعید گرتکی- سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستانو مامۆستا مەلا جلال خەیلانی- جێگری سەرۆکی یەکێتی زانایانو، بەسەرپەرشتی شێخ نیاز راغب دێگەیی، بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتی زانایان، لەبارەگای لق لەگەلّ سەرجەم کارگێرو ئەندامانی لقو، بەرپرسی ناوچەکانی سنوری لقی هەولێر کۆبووەوە، بەمەبەستی پێدانی چەند رێنماییێکی پێویست، لەهەمبەر پرسە ئاینییەکان.

سەرەتا سەرۆکی یەکێتی زانایان بەوردی تیشکی خستە سەر پابەندبوونی مامۆستایانی ئاینی بەبریارەکانی یەکێتی زانایانو، یەکهەلّوێستیو، یەکریزیان، بۆ ئەوەی زیاتر بتوانن، خزمەت بەئاینو، خاكو، ولاّت بگەینن. وە پێویستە لەسەرهەلّدانی هەرکێشەیەك، کە پەیوەیست بوو بە پرسە ئاینییەکان، بەحەکیمانەو لێزانانە، قسەی لەسەر بکەنو، بەدوای چارەسەری گونجاودا بگەرێن، بۆ ئەوەی بەدووربێت لەدەستی پیلان گێرانو، ناحەزانی میللەتەکەمان.

لەپاشان جێگری سەرۆکی یەکێتی زانایان، تەئکیدی لەسەر چەند رێنماییێکی گرنگ کردەووە، بەمەبەستی زیاتر کۆنترۆلّ کردنی پرسە ئاینییەکان، لەسنوورەکەیان.

لەکۆتاییشدا بەرپرسی لق، تیشکی خستە سەر ئالیەتێکی نوێ بۆ سالّی نوێ، بۆ راپەراندنی کارەکانی گشت بەشەکان. لەپاشان لەدوای پێشنیاری ئامادەبوان، کۆتا بە دانیشتنەکە هێندرا.

# لیژنەی فەتوای هەولێر: ئاماری چالاکییەکانی ٦ مانگی خۆی رادەگەیەنێت

**مەلا سید صدیق کە پرانی- راگەیاندنی لقی هەولێر:** لەدوای کۆنگرەی یەکگرتنەوەی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان، لەسالّی ٢٠١٠ز، سەرجەم لق و ناوچەکانی سەر بە یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان، گۆرانکاریو نوێ سازییێکیان بەخۆیەوە بینیو، جارێکی تر سەر لە نوێ بەشێوەی هەلبژاردن، ستافی نوێ هەلّبژێردرانەوە، بۆیە لیژنە فەتواکانیش، لەم هەلّبژاردنە بەدەر نەبوونو، لەسەر بنەمایی ئەندامایەتیو زانستی، جارێکی تر هەلّبژێردرانەوە.

شایەنی باسە لیژنە فەتواکان، کەرۆلّێکی بەرچاوو کاریگەریان هەیە لە نێو کۆمەلّگاکەماندا، بۆیە لەپرۆگرامی یەکێتی زانایاندا هاتووە، کە لیژنە فەتواییێك لەسنووری هەر لقێك بکرێتەوە.

جایەکێك لەلیژنە هەرە بەرچاوو کاریگەرەکان، لیژنەی فەتوای هەولێرە، کە هەموو رۆژانی (دووشەممەو پێنج شەممە) خەلّکانێکی زۆر سەردانی ئەم لیژنە دەکەن، بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشە کۆمەلاّیەتییەکانیان، لەرێگای شەریعەتی ئیسلامەوە.

مامۆستا مەلا ئەنوەر سێبیرانی، بەرپرسی لیژنەی فەتوای هەولێر، بە نووسراوێکی فەرمی، کە ئاماری کارو چالاکییەکانی لیژنەکەی خۆیانی تیادا ئاماژە پێکردووە، لە شەش مانگەی رابردوو (٢٠١٠/٧/١ تاوەکو ٢٠١٠/١٢/٣١)، کە دایتیە لقی هەولێری یەکێتی زانایان، کە تیایدا هاتووە:

١- (٩٦) کێشەی تەلاّق، کە نووسراو کراوە بۆ دادگای هەولێر.

٢- (٨٥) کێشەی خولع.

بۆ ل١١

# لقی هەولێری یەکێتی زانایان بەشداری لەکردنەوەی پەیمانگای (اقرا) دەکات

**مەلا سید صدیق کە پرانی- راگەیاندنی لقی هەولێر:** سەرلەئێوارەی ٢٠١١/١/١ بەبانگهێشتی فەرمی لقی هەولێری رێکخراوی گەشەپێدانی قونابیانی کوردستان، (شێخ نیاز راغب دێگەیی) بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان، لەگەلّ شاندێکی یاوەری، کە پێکهاتبوو لەکارگێرو ئەندامانی لقو، (مامۆستا سید ئەکرەم کەپرانی) بەرپرسی ناوچەی بەرانەتی، بەشداری کرد لەمەراسیمی کردنەوەی پەیمانگای (اقرا) بۆ فێرکردنی قورئانی پیرۆز، لەشاری هەولێر.

شێخ نیاز راغب دێگەیی لەوتەیەکیدا: وێرای دەستخۆشی کردن لە لقی هەولێری رێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیان، بۆ کردنەوەی ئەم پەیمانگایە، بەمەبەستی پێگەیاندنی نەوەکانی میللەتەکەمان، لەسەر رەوشتو ئەخلاقە بەرزەکانی ئیسلامو، فێربوونو شارەزاییان لەقورئانی پیرۆز، تیشکی خستە سەر گەورەیی قورئانو، هەلّگرانو شوێنکەوتوانی رێبازی قورئانی پیرۆز. بۆیە بەراستی جێگای خۆشحالّی هەموو لایەکمانە، کاتێك شوێنی لەم جۆرە دەکرێنەوە، بۆ فێرکردنی رۆلەکانمان، بۆیە ئێمە وەکو لقی هەولێری یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان، هەموو جۆرە هاریکارییێکیان دەکەینو، پشتیوانیان دەبین، بۆ سەر خستنیان، وە بێگومان قوتابیانی ئەم پەیمانگایە، کەسانی نموونەییان لێدەردەچێت بۆ خزمەتکردنی پەیامی قورئانی پیرۆز.

لەکۆیایشدا گفتی ئەوەی بەدەرچووانی ئەم پەیمانگایەدا، کە لەلایەن لقی هەولێری یەکێتی زانایانەوە، خەلاّت دەکرێن، لەدوای دەرچوونیان.

# لقی سۆران ناوچەی رواندزی زانایان بەسەردەکاتەوە

**مەلا رەسول سیتکانی- راگەیاندنی لق:** پێش نیوەرۆی ٢٠١١/١/٤ سێ شەممە بەسەرپەرشتی بەرپرسی لق بەرێز مەلا خالد مەلەکی، شاندێکی لقەکەمان کە پێکهاتبوو لەبەرێزان مەلا ویسی مەلا سەعید، مەلا رسول گەزنەی، مەلا ولی احمد دری کارگێرانی لقو مەلا یوسف چۆمانی بەرپرسی ناوچەی چۆمانو، مەلا زاهد بالەکی بەرپرسی ناوچەی سۆران، بەمەبەستی ئاگاداربوون لەکارو چالاکییەکانی سەردانی لێژنە ناوچەی رواندزی یەکێتی زانایانیان کردو لەلایەن بەرپرسی ناوچە مەلا بایز فەقیانیو کارگێرانی ناوچە بەگەرمی پێشوازیان لێکرا.

لەدانیشتنێکدا بەرێزان مەلا خالد مەلەکی بەرپرسی لقو مەلا ویسی مەلا سعید کارگێری لق کارو چالاکی ناوچەکەیان هەلّسەنگاندو هیوایان خواست کە ناوچەی رواندز ناوچەیەکی فراوانە بەباشترین شێوە خزمەتی زانایانی سنوورەکەی بکاتو بەلّێنی هەر هاوکاریو پالّپێشتێکیشیان بۆ ناوچەکە دووپات کردەوە.

# لقی سۆران سەردانی مەلبەندی ١٢ی یەکگرتوو دەکات

**مەلا رەسول سیتکانی- راگەیاندنی لق:** سەرلەبەیانی رۆژی سێ شەممە ٢٠١١/١/٤ بەمەبەستی پیرۆزبای کردنی کردنەوەی بارەگای نوێیان شاندێکی لقەکەمان کە پێکهاتبوو لەبەرێزان مەلا خالد مەلەکی بەرپرسی لقو، مەلا ویسی مەلا سەعید، مەلا رەسول گەزنەی، مەلا ولی احمد دری کارگێرانی لقو مەلا یوسف چۆمانی بەرپرسی ناوچەی چۆمانو، مەلا زاهد بالەکی بەرپرسی ناوچەی سۆران. سەردانی مەلّبەندی ١٢ی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانیان کرد لەسۆران.

لەسەرەتادا بەرپرسی لقەکەمان بەبۆنەی کردنەوەی بارەگاکەیان پیرۆزبای ئاراستەی بەرپرسو کادیرانی مەلّبەندەکە کردو هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستن.

پاشان کارگێری لقەکەمانو بەرێوەبەری ئەوقافی سۆران بەرێز مەلا ویسی مەلا سعید لەوتەیەکیدا رەوشی ئاینی کوردستانو دەڤەرەکەی هەلسەنگاندو بەبایەخەوە باسی لەرۆلی زانایانی دەڤەرەکە کرد.

لەلایەن خۆشیەوە بەرپرسی مەلّبەند بەرێز مامۆستا سۆران خۆشحالّی خۆی بۆ ئەو سەردانە دەربریو ئامادەی خۆی نیشاندا بۆ هەر هاوکاریو هەماهەنگیەك لەنێوان زانایانو مەلّبەندەکەیان.

# پۆلیسی سۆران ستایشی رۆلّی مامۆستایانی ئایینی دەکات

**شەمالّ عەبدوللا- راگەیاندنی ئەوقافی سۆران:** بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی سۆران ستایشی رۆلّی مامۆستایانی ئایینی دەکات لەپاراستنی هێمنیو ئاسایش لەسنوورەکەو بەفاکتەری سەرەکیان هەژمارکرد لەبلاّوکردنەوەی پەیامی خۆشەویستیو برایەتی لەنێوان دانیشتوانانی سنورەکە بەتایبەت وتارەکانیان، کە سەنگو گرانای خۆیان هەیە لەناو کۆمەلّگای کوردەواری، ئەوەش لەمیانی سەردانێکی بەرێز عەمید ئەسکەندەر، بەرێوەبەری پۆلیسی سۆران بۆ بەرێوەبەرایەتی ئەوقافی سۆران پشت راستکرایەوە.

لای خۆشییەوە وەیسی سەعید وەیسی بەرێوبەری ئەوقافی سۆران جەختی لەسەر هەماهەنگی پتری نێوانیان کردەوەو بەلّێنی دا هەمیشە پەیامی مامۆستایانی ئایینی لە خزمەت ئەزموونی سیاسی گەلەکەمان دادەبنو هانی جەماوەریش دەدەن بۆ هەماهەنگی لەگەلّ دامودەزگاکانی ئەمنیو ناوخۆ.

جێگەی وتنە، بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی سۆران سەرپەرشتی بنکەو بەرێوەبەرایەتییەکانی پۆلیسی قەزاکانی سۆرانو چۆمانو مێرگەسۆرو رواندز دەکات.



# یەكێتی زانایان‌و لیژنەی ئەوقاف لە پەرلەمانی كوردستان پشتیوانی لە مەلا فەرمان خەرابەیی دەكەن



مامۆستا مەلا فەرمان خەرابەیی، كە ئیمام‌و خەتیبە لە هەولێر، ماوەیەكە هەندێك لەو ئافرەتانەی لە نامیلكەی ئەودا ناویان هاتووە، دەستیان كردووە بە هەڵمەتێكی ئیعلامی دژی مامۆستای ناوبراو، وایان لە مێشكی هاوڵاتیان گەیاندووە، كە ئەو مامۆستایە تەشهیری بەوان كردووە، لەو بارەوە مامۆستا مەلا فەرمان خەرابەیی لەلێدوانێكی تایبەتیدا بۆ ماڵپەری زانایان رایگەیاند: من لەو كتێبەمدا تەنها هاتووم قسەكانم نەقڵكردووەو، تەحەداش دەكەم بتوانن شوێنێكم بۆ دەستنیشان بكەن، كە لەو شوێنە حوكمم لەسەر هیچ كەسێك دابێت، هەروەها تەشهیرم بە هیچ كەسێك نەكردووە، هەموو ئەو قسانەشم كە كردوومە، بە دیكۆمێنت هەڵم گرتوون، ئەوەی دەنگە لای من پارێزراوە، ئەوەی نووسینە لای من پارێزراوە.

مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید سەرۆكی یەكێتی زانایان لە لێدوانێكی تایبەت بە سایتی زانایان رایگەیاند: بەپێی قسەكانی مامۆستا فەرمان ئەو كیتابە هیچ تەشهیری تێدا نییە، بۆیە ئەگەر كەسێك پێی وایە تەشهیری تێدایە با وەڵام بداتەوەو، تەنها قسەكردن‌و سوكایەتیكردن بە مامۆستا جێگەی هەڵوەستە لەسەر كردنە، بۆیە ئێمە وەك یەكێتی زانایان هەموو پشتیوانیەكی مامۆستا دەكەین‌و، مامۆستا ئەندامی ئێمەیەو قەتیش ئامادە نین پشتی ئەندامەكانی خۆمان بەربدەین، بەتایبەتی كە تەشهیری تێدا نەبێت، ئێمە لە یەكەم رۆژەوە گووتوومانە، ئێمە لەگەڵ تەشهیر دانینەو، داواشمان لە زانایانی ئایینی كردووەو، بە هیچ شێوەیەك تەشهیر بە هیچ لایەنێك نەكەن، بەڵام كەسێك قسەیەكی كردبێت، دەبێ تەحەمولی ئەنجامەكانیشی بكات، كە شتەكانی بنووسرێنەوە.

هەروەها دكتۆر بەشیر خەلیل سەرۆكی لیژنەی ئەوقاف لە پەرلەمانی كوردستان بە سایتی زانایان راگەیاند: راستە ئێمە دژی تەشهیرین، دژی ئەوەین سوكایەتی بە هیچ كەسێك بكرێت، بەڵام مامۆستا فەرمان شتەكانی هەموو بە بەڵگەیەو، خۆشی دەڵێت: حوكمم لەسەر هیچ كەس نەداوە، بۆیە ئێمەش پشتیوانی لە مامۆستا دەكەین‌و، داواش دەكەین شتەكان وەكو خۆیان بگەنە ئەنجام، بێجگە لە نەقلكردنی شتەكان هیچی دیكەی نەركدووەو، هەروەها ئاماژەی بە ژێدەرو سەرچاوەكانیش كردووە، كەسێك نكوڵی لە قسەكانی خۆی بكات، یان مامۆستا زیادەی لەسەر گووت بێت، ئەوە ئێمە لەگەڵدا نینە، بەڵام مامۆستا زۆر بە روونی هەموو سەرچاوەكانی باس كردوونە، پاشان ئەو بەرێزانە هەر باسی قەڵەم دەكەن، ئەی بۆچی ئێستا نایێن بە قەڵەم وەڵام بدەنەوە.

# لە وتاری هەینیدا: وتاربێژان داوا لە رێكخراوەكانی ئافرەتان دەكەن پێكەوە كار بكەن

دوای ئەوەی لەماوەی چەند رۆژێكی رابردوو گرژیەك كەوتە نێوان ژمارەیەكی كەم لە هەندێك لەو ژنانەی لە رێكخراوەكانی ئافرەتان كار دەكەن لەگەڵ هەندێك لە مامۆستایانی ئایینی، یەكێتی زانایان جارێكی دیكەو چەندین جاری دیكە بانگەوازی دەكات بۆ ئەوەی ئەو ئافرەتە بەرێزانەش وەك رێكخراوەكانی دیكەی ئافرەتان بێنە پێش بۆ ئەوەی هەموولا پێكەوە هەوڵ بۆ پێشخستنی رەوشی ئافرەتانی كوردستان بدەن، كە خۆشبەختانە ژمارەیەك لەو رێكخراوانەی ئافرەتان تەنسیقی باشیان هەیەو، بگرە كاری هاوبەشی باشیش پێكەوە دەكەن.

هەر لەزنجیرەی ئەوەدا لە وتاری هەینی رابردوو ژمارەیەك لە وتاربێژانی كوردستان داوایان لە رێكخراوەكانی ئافرەتان كرد، بێنە پێشەوە بۆ ئەوەی پێكەوە كار بكەین، چونكە بە قسە پێگوتن‌و جولەی ناشیاو خزمەت بە ئافرەت ناكرێت، مامۆستایانی ئایینیش وەك هەمیشە داكۆكیكاری مافەكانی ئافرەتان بوونە، بۆیە داوا دەكەن لە بری هەموو شتێك بێنە پێشەوە لەسەر مێزی گفتوگۆ دابنیشن‌و، هەوڵ دەن باشترین رێگە چارە ببیننەوە كە خزمەت بە ئافرەت بكات.

# بەرپرسی لقی هەولێری یەكێتی زانایان لەگەڵ زانایانی سنووری ناوچەی ٤ی هەولێری یەكێتی زانایان كۆدەبێتەوە

**مەلا سید صدیق كەپرانی، راگەیاندنی لقی هەولێر:** سەرلەبەیانی ٢٠١١/١/١٥ شێخ نیاز راغب دێگەیی، بەرپرسی لقی هەولێری یەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستان، بەیاوەری مەلا سید صدیق كەپرانی، لەگەڵ سەرجەم مامۆستایانی ئاینی سنووری ناوچەی چواری هەولێری یەكێتی زانایان كۆبووەوە.



سەرەتا مامۆستا مەلا ئەحمەد مەلا كەریم، بەرپرسی ناوچەی چواری هەولێر، بەناوی خۆی‌و، سەرجەم مامۆستایانی سنوورەكەی، بەخێر هاتنێكی گەرمی بەرپرسی لق‌و، یاوەرەكەی كرد.

لەپاشان بەرپرسی لق، زۆر بەووردی ئاماژەی بە یەك دەنگی‌و، یەك رەنگی‌و، یەك هەڵوێستی مامۆستایانی ئاینی كردەوە، بەمەبەستی زیاتر خزمەت گەیاندن بەئاین‌و، نیشتیمان‌و كۆمەڵگاكەمان.

هەروەها باسی لەو گرژیەو ناكۆكیەی، چەند رۆژەی نێوان هەندێك وتاربێژان‌و، نووسەران‌و رۆژنامەنووسان كردووە، كە خەریكە دەبێتە سیراعێكی فیكری‌و، سیاسی لەنێوانیان كە هیچ خزمەتێكیش بە بەرژەندیە باڵاكانی ئاینیمان‌و، نەتەوەییمان ناگەیێنێت، بۆیە دەبێت مامۆستایانی ئاینی هەوڵی چڕترو، باشتر بدەن، بۆ هێوركردنەوەی ئەم بارودۆخە ناهەموارە.

هەروەها لەبەشێكی وتەكانیدا: تەئكیدی لەسەر ئەوە كردەووە، كە مامۆستایانی ئاینی خاوەن پێگەیەكی گەورەو بەرزن، لەنێو كۆمەڵگاكەماندا، بۆیە دەبێت زیاتر هەشیار بن، كەچۆن ئەدای شتەكان دەكەن‌و، وەچۆن رووبەرووی كێشەو گرفتەكان دەبنەوە، بۆ ئەوەی رەوشی ئارامی‌و، ئاسایشی هەرێمەكان، بقەرەو ئاقارێكی خراپ نەرواتو، وە رێگا نەدەین دوژمنانی میللەت‌و، ئاینیشمان تیری ژەهراوییان لەئەزموونە پڕ شكۆیەكەمان بدەن‌و، ئەزمونەكەمان بشێوێن‌و، بەشێوازیكی نەگونجاو بەجیهان نیشان بدەن.

راشیگەیاند: بەهێچ جۆرێك رێگا نادەین، لەژێر هەر چەترو، بەهەر بیانوێك، بێ حورمەتی بەرامبەر ئاین‌و، مێزەری سپی مامۆستایانی ئاینی بكرێت، بەڵام بێگومان بەشێوازی سەردەمیانەو، یاساییانە، پەیامی قەبوڵ نەكردنمان رادەگەینین.

# لەسۆران سەرۆكی یەكێتی زانایان لەگەڵ لق‌و ناوچەكانی زانایان

**مەلا رەسول سیتكانی- راگەیاندنی لق:** پێش نیوەرۆی ٢٠١١/١/٦ پێنج شەممە بەرێز مەلا عبداللە مەلا سعید سەرۆكی یەكێتی زانایان‌و شاندێكی یاوەری لەمەكتەبی تەنفیزی كە پێكهاتبوو لەبەرێزان شێخ عبدالباست، مەلا ابوبكر باقلانی، مەلا دڵشاد گەلالی، مەلا جعفر گوانی، مەلا نیاز دێگەیی، لەسەردانێكیان بۆ دەڤەری سۆران لەگەل ستافی لق‌و ناوچەو رێكخراوەكانی زانایان كۆبۆوە.

سەرەتای كۆبونەوەكە بەناوی خواو بەخێرهێنانێكی گەرمی شاندی میوان بەناوی ئەندامانی لق‌و ناوچەكان لەلایەن بەرپرسی




لقەكەمان بەرێز مەلا خالد مەلەكی دەستی پێكردو خۆشحالی خۆی دەربڕی بۆ ئەو بەسەركردنەوەیەو هیوای خواست كە ئەو جۆرە كۆبوونەوانە بەردەوامبن‌و زیاتر پەرەیان پێبدرێ.

پاشان لەوتەیەكیدا سەرۆكی یەكێتی زانایان بەرێز مەلا عبداللە مەلا سعید مەبەست‌و ئامانجی كۆبوونەوەكەی بۆ ئامادبووان روون كردەوە، كە مەبەستیان لەنزیكەوە ئاگاداربوون‌و بەدواداچوونی كارو چالاكییەكان‌و گوێگرتنە لەداخوازی‌و كەموكورتییەكانی لق‌و ناوچەكانی زانایان.

هەر لەمیانەی قسەكانیدا سەرۆكی زانایان ئاماژەی بەچەند خالێكی گرنگی واقیعی ئەمرۆی كوردستان‌و زانایانداو بەبایەخەوە رۆڵی زانایانی بەرزنرخاندو بەچاكی زانی كە زانایان وێڕای پتەوتركردنی هەماهەنگی‌و تەبای نێوانیان بەئەدای شێوازی وتارەكانیان دابچنەوەو هێمنانە مامەڵە لەگەڵ رووداوو پێشهاتەكانی ئەمرۆی كوردستان‌و ناوچە بكەن‌و خۆیان دووربخەن لەتەشهیرو ناوزراندنی خەڵك‌و هەروەها بەكارهێنانی مینبەر بۆ فەتوای تاكەكەسی. بۆ ئەوەی زانای ئێمە كەمتر بكەوێتە بەرهێرش‌و رەخنەكانی رۆشنبیران‌و كەسانی ناحەز بەدین‌و وڵاتمان‌و ئامادەی‌و پشتیوانی خۆیشی بۆ زانایان دووپاتكردەوە.

دواتر هەریەك لەئامادەبووان چەندین تێبینی‌و داواكاری‌و پێشنیاریان ئاراستەی سەرۆك‌و شاندەكە كردو لەبەرامبەریشدا بەڵێنی هەموو هاوكاری‌و پاڵپشتیەك لەلایەن شاندی سەردانكار دووپاتكرایەوە.

# بەرپرسی لقی هەولێر لەگەڵ هەندێك لەوتارخوێنە ناودارەكانی شاری هەولێر كۆبووەوە

**مەلا سید صدیق كەپرانی- راگەیاندنی لقی هەولێر:** سەر لەبەیانی ٢٠١١/١/١٣ شێخ نیاز راغب دێگەیی، بەرپرسی لقی هەولێری یەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستان، لەبارەگای لق، لەگەڵ هەندێك لە وتارخوێنە ناودارەكانی ناو شاری هەولێر كۆبووەوە.

سەبارەت بەتاوتوێ كردنی پرسە ئاینییەكان بەتایبەت لەشاری هەولێر، بەمەبەستی چارەسەركردنی ئەو كێشانەی كە خەریكە روو لەزیاد بوون دەكات، لەنێوان مامۆستایانی ئاینی‌و، رۆشنبیران‌و نووسەران‌و، رۆژنامەنووسان‌و، شۆرشێك‌و سیراعێكی فیكری لەنێوانیان رووەدەدات‌و دروست دەبێت، بۆیە سەرەتا بەرپرسی لق زۆر بەووردی تیشكی خستە سەر گەڕاندنەوەی ئارامی شەقامی كوردی، لەلایەن مامۆستایانی ئاینی بەتایبەتی وتارخوێنانی مزگەوتەكان، چونكە هەموو كاتێك مامۆستایانی ئاینی رۆڵی بەرچاویان هەبووە، لەپاراستنی ئەمن‌و ئاسایشی هەرێمەكەمان‌و، پارێزگاری كردن لەهەموو بەهایە بەنرخەكانی میللەتەكەمان، بۆیە دەبێت مامۆستایانی ئاینی بەشێوازی حەكیمانەی خۆیان، رووبەرووی كێشەكان ببنەوەو، هەوڵی جددی بدەن، بۆ چارەسەركردنیان‌و بنبڕكردنیان، بەبێ بەدی كردنی مەرامی شەخسی‌و سیاسی.

هەروەها گوتیشی: ئێمە وەكو یەكێتی زانایان، قەبوول ناكەین‌و، هانا دەبەینە بەكاری یاسایی بۆ وەڵامدانەوەیان‌و، حكومەت‌و هەموو دەزگا پەیوەندیدارەكان لێ ئاگاداردەكەینەوە، سەبارەت بەهەر بێ حورمەتیێك بەرامبەر ئاین‌و، هەڵگرای ئاین بكرێت.

لەلایەكی ترەوە گوتی: داوا لە مامۆستایانی ئاینی دەكەین، كە روحی لێبووردەیی‌و برایەتی‌و، پێكەوە ژیانیان هەبێت‌و، هەروەكو پیشەی بەردەوامی مامۆستایانی ئاینی بووە. وەتەئكیدیشی لەسەر ئەوە كردەووە كە ئێمە پێداگری لەسەر وەڵامدانەوەی ئەو كەسانە دەكەین، كە پێیان وایە، مامۆستایانی ئاینی كەسانی رۆشنیرو پێشكەوتووخواز نین، وەپێیان دەڵێین مێژووی پڕ سەروەری مامۆستایانی ئاینی بەكەسانی وەك ئەوان ناشێوێندرێت‌و، هەموو جیهان شاهێدی بۆ رۆڵی مامۆستایانی ئاینی كوردستان دەدات، لەهەمبەر پاراستنی هەموو مافە رەواكانی میللەتەكەمان‌و، وەدەست هێنانی مافە رەواكانی.

لەپاشان لەدوای راوسەرنجی ئامادەبووان، كۆمەڵێك شتی گرنگ‌و پێویست‌و پێشنیاركراو، بریاریان لەسەردرا، بەمەبەستی ئالیەتێكی گونجاو شیاو، بۆ چارەسەركردنی كێشەو پرسە ئاینییەكان.

لەپاشان بەرێز شێخ نیاز دێگەیی، بەرپرسی لقی هەولێری یەكێتی زانایان، لەدوای تەواوبوونی كۆبوونەوەكە، لە لێدوانێكی تایبەت بۆ تەلەفزیۆنی قەڵات رایگەیاند: كۆبوونەوەكەمان لەگەڵ هەندێك لەوتارخوێنە ناودارەكانی ناوشاری هەولێربوو، شتی زۆر پێویست‌و گرنگ تیشكی خرایە سەرو، ئالوگۆری رایەكان كراو، دەرەنجام گەیشتینە ئەوەی كە دەبێت مامۆستایانی ئاینی زیاتر هەوڵی خۆیان بدەن، بۆ پاراستنی ئەمن‌و ئاسایشی هەرێمەكەمان‌و، بەشێوازی گونجاو، حەكیمانەیان، رووبەرووی كێشەكان ببنەوەو، دوور بن لەهەڵچوون، بۆ ئەوەی باشتر بتوانین بەسایەی یەكدەنگیمان، وەڵامی ناحەزان بدەینەوەو، كێشەكان چارەسەر بكەین‌و، رۆڵی ئەرێنی ببینین لەنێو كۆمەڵگاكەمان.

لەپاشان مامۆستا مەلا محمود فەقێ، وتارخوێنی مزگەوتی عوسمانی كوری عەففان، لەشاری هەولێر، لەلێدوانێكی تایبەت بۆ راگەیاندنی لقی هەولێر رایگەیاند: وێڕای دەستخۆشیمان لەیەكێتی زانایان، لەهەمبەر بەوەڵام هاتنی لەسەر ئاینی پیرۆزی ئیسلام‌و، مامۆستایانی ئاینی، ئاماژەی بەو ئارامیەو ئاسایشیەی هەرێمی كوردستانی كردو وتی: دەبێت شوكرانەی لەسەر بكەین‌و، پارێزگاریشی لێ بكەین، بێگومان ئەمەش ئەركی سەرشانی هەموو تاكێكی كۆمەڵگاكەمانە، بۆیە دەبێت هەموو لایەكمان هاوكاربین لەمەڕ ئەم مەسەلەیە، هەروەها وتیشی: ئێمەی مامۆستایانی ئاینی، سنووری هێچ كەسێك‌و، لایەنێك نابەزێنین، مەگەر خەڵكانی بیویژدان، سنووری ئاینی ئیسلام‌و، مامۆستایانی ئاینی نەبەزێنن، بۆیە داوا لەو جۆرە كەسانە دەكەین، كەئەم جۆرە نووسینانەیان، دژ بەئاین‌و مامۆستایانی ئاینی، هیچ خزمەتێك بەكۆمەڵگاكەمان ناگەیێنێت‌و، بەڵكو ناحەزان زیاتر دەتوانن، پیلانمان بۆ دابرێژن‌و، بێنە نێوانمان‌و، لەیەكترمان بترازێنن.

لەپاشان مامۆستا مەلا حەسەن قادیانی، وتارخوێنی مزگەوتی قازی محمد لەشاری هەولێر، لەلێدوانێكی تایبەت بۆ راگەیاندنی لقی هەولێر رایگەیاند: هیوادارین ئەم جۆرە كۆبوونەوانە لەگەڵ وتارخوێنان، بەردەوامی هەبێت. بەمەبەستی زیاتر ئاگالێكبوون، چونكە یەكێتی زانایان، مولكی هەموو مامۆستایانی ئاینییە، بەبێ جیاوازی، وەبەیەك دەنگیش چاكتر كێشەو گرفتەكان چارەسەر دەكرێن.

لەپاشان وتی: ئەو پێشنیارو رێنماییانەی كە لەم كۆبوونەوەدا باسی لێوەكران، بەرووبوومی باشی دەبێت‌و، وەدەبێت بەفاكتەرێكی گەورە بۆ هێوركردنەوەی شەقامی كوردی، بەتایبەتی ئەو سیراعە فیكرییەی كە چەند رۆژێكە بەردەوامی هەیە، لەنێوان مامۆستایانی ئاینی‌و، هەندێك لە رۆشنبیرو، نووسەرو رۆژنامەنووسان.

لەكۆتایشدا داوای لەگشت چین‌و توێژەكان كرد، كە بەگیانی برایەتی‌و، لێبووردەیی هەڵسوكەوت لەگەڵ یەكتردابكەن.

# شاندەكا بلندا لقا زاخۆیا ئێكەتیا زانایان سەرا قائمقامیەتێ دا

روژا دووشەمبێ ٢٠١١/١/١٠ ب مەرەما پیرۆزباهیا وەرگرتنا پۆستێ قائیمقامیەتێ، شاندەك ژ لقامە كو پێكهاتبی ژ مامۆستا مەلا ئەحمەد شەرنەخی بەرپرسێ لقێ‌و، مامۆستا مەلا موحەمەد شەمسەدین‌و، مامۆستا شێخ جەبار سەرەدانا قائیمقامیەتا قەزا زاخۆ كرو، ژ لایێ قائیمقاما نویا قەزا زاخۆ رێزدار (حوسێن چەلكی) ب گەرمی پێشوازیا شاندێ لقی زاخۆ هاتەكرن‌و، سوپاسیا سەرەداناوان كر.

هەژی گۆتنێیە كو پەرپرسێ لقامە ب ناڤێ خۆو ئێكەتیا زانیان‌و، ماۆستایێن ئاینییێن دەڤەرێ، پیرۆزباهیا جهێ وان یێ نوێ كرو، داخوازا سەركەفتنێ بو وان كرو، هیڤی خواست كو ببیتە جهێ پتر خزمەتێ بو هاولاتیا.

# ناوچەی دیانای زانایان سەردانی مەڵبەندی ٨ی كۆمەڵی ئیسلامی دەكات

**مەلا رەسول سیتكانی- راگەیاندنی لق:** پێش نیوەڕۆی ٢٠١١/١/١٢ چوارشەممە ستافی ناوچەی دیانای زانایان كە پێكهاتبوون لەبەرێزان مەلا یونس گرتكی بەرپرسی ناوچەو هەریەك لە مەلا عبدالرحمن سیتكانی‌و مەلا محمد ئازادی كارگێرانی ناوچەو چەند زانایەكی تری سنووری ناوچەكە سەردانی مەڵبەندی ٨ی كۆمەڵی ئیسلامی یان كردو لەلایەن بەرپرسی مەڵبەند بەرێز شوان رابەرو ئەندامانی مەڵبەند بەگەرمی پێشوازیان لێكرا.

لەدیدارێكدا ستافی ناوچەی دیانا وێڕای ئاراستە كردنی پیرۆزبای لەكاك شوان رابەر بەبۆنەی دەست بەكاربوونی وەك بەرپرسی مەڵبەندی ٨ی كۆمەڵ لەسۆران چەندین تەوەری هەنووكەی پەیوەست بەهەڵو مەرجی زانایانی ئاینی كوردستان‌و رەوشی ئاینی دەڤەركە تاوتوێكراو تەئكید لەسەر هەماهەنگی‌و هاوكاری نێوانیان كرایەوەو هەروەها پێگەی زانایانی ئاینی بەبایەخەوە باسی لێوەكرا. لەلایەن خۆشیەوە بەرپرسی مەڵبەند خۆشحاڵی خۆی بۆ ئەو سەردانە دەربڕی‌و هیوای خواست پەیوەندی نێوانیان ببێتە هۆكاری زیاتری خزمەتكردن بە ئاین‌و مزگەوت‌و مینبەرەكانی كورستان‌و ناوچەكە.

# لقی هەولێری یەكێتی زانایان سەردانی كۆڕبەندی هزری ئیسلامی دەكات

**مەلا سید صدیق كەپرانی- راگەیاندنی لقی هەولێر:** سەرلەئێوارەی ٢٠١١/١/١٩ شێخ نیاز راغب دێگەیی بەرپرسی لقی هەولێری یەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستان، لەگەڵ شاندێكی یاوەری كە پێكهاتبوو، لە مامۆستا مەلا حسن قادیانی، بەرپرسی ناوچەی یەكی هەولێرو، هەروەها كارگێرو ئەندامانی لق، سەردانی كۆڕبەندی هزری ئیسلامیان كردو، لەلایەن د.محمد شریف دووشیوانی، سەرۆكی كۆڕبەندی هزری ئیسلامی‌و، ئەندامانی كۆڕبەند پێشوازییەكی گەرمیان لێكرا.

سەرەتا شێخ نیاز راغب دێگەیی، بەناوی خۆی‌و، شاندی یاوەری، زۆر سوپاسی كردن بۆ ئەم پێشوازیە گەرمەو، لەپاشان ئاماژەی بە پێویستی‌و، گرنگی هەماهەنگی نێوانیانی كرد، بۆ زیاتر خزمەتكردنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام‌و، یەكریزی مامۆستایانی ئاینی‌و، پسپۆرانی بواری ئاینی بەتایبەتیش لەكات‌و ساتێكی ئاوادا، چونكە بێگومان بەیەكریزی‌و، هەماهەنگی نێوانمان، ئێمە وەكو دەزگایێكی فەرمی ئاینی‌و، ئێوەی بەرێزیش وەكو سەنتەرو كۆمەڵێكی پسپۆری رۆشنبیری فیكری ئیسلامی‌و ئاینی، دەتوانین بە هەمالایەنە ئەزموونی وڵاتەكەمان لەپرسە ئاینییەكان بەرەو باشترو، پێشتربەبین‌و، وە ئاینی پیرۆزی ئیسلامیش، وەكو شێوازە راستیەكەی خۆی بەخەڵك رابگەینین‌و، وە موسڵمانیەتی میللەتەكەمان وەكو خۆی بەجیهانی ئیسلامی بناسێنین‌و، بەناحەزانیش بڵێین كە كەسایەتیە ئاینییەكان، كەسانی فیكری‌و، رۆشنبیری‌و سەردەمیانەو، ئاشتی خوازن‌و، دوورن لە توندوتیژی‌و، بڕوا پێك نەبوون‌و، پێكەوە نەژیان‌و هتر.

وە لەبەشێكی وتەكانیدا: ئاماژەی بەوەكرد، كە ئێمە لەیەكێتی زانایان، بەتایبەتیش لە لقی هەولێر، هەموو كاتێك دووپاتی هەماهەنگیمان كردۆتەوە، لەگەڵ سەرجەم چین‌و توێژەكانی نێو كۆمەڵگاكەمان، بەتایبەتیش لەگەڵ ئەو لایەنە پەیوەندیدارانەی، كە نزیكن لە پرۆگرام‌و، بیركردنەوەیان لەگەڵ ئێمەدا، لە كارو پیشەكانیان، وەپێشمان وایە ئاوا زیاتر دەتوانین خزمەت بگەینین بە كۆمەڵگاكەمان.

هەر بۆیە ئێمە لەیەكێتی زانایان، لەسەر بنەمایێكی فیعلی‌و، سەردەمیانەو، فیكریانە، بانگەشەی پێكەوە ژیان‌و برایەتی‌و تەبایی‌و، گیانی لێبووردەیی دەكەین‌و، هەوڵی چڕترو، زیاتریش دەدەین، بۆ جێبەجێ كردنی ئەم مەرامەمان.

وەلەلایەن خۆشیەوە د.محمد شریف، سەرۆكی كۆڕبەندی هزری ئیسلامی، بەناوی خۆی‌و ستافەكەی، وێڕای دەستخۆشی لەلقی هەولێر، بۆ ئەم هەموو كارو چالاكییەكانی كە لەتەمەنێكی نوێی ستافی نوێیان ئەنجامیان داوە، تەئكیدی لەسەر وتەكانی بەرپرسی لقی هەولێری یەكێتی زانایان كردەووە، لەهەمبەر پەیوەندیان‌و، هەماهەنگیان لەكارو چالاكییەكان‌و، وە باسیان لەئالیەتێك كرد بەمەبەستی زیاتر خزمەت گەیاندن بەبواری ئاینی لەهەرێمی كوردستان، كە رەچاوی هەموو بەها بەنرخەكانی كۆمەڵگاكەمانی تێدا بكرێت.

لەكۆتاییشدا د.محمد شریف، ئاماژەی بەكردنەوەی سەنتەرێك یاخود خولێكی بەردەوامی كردەووە، بەهەماهەنگی لەگەڵ لقی هەولێری یەكێتی زانایان، كە تایبەت بێت بەمامۆستایانی ئاینی، بەمەبەستی زیاتر شارەزا بوونیان لە پرسە فیكریە ئاینی‌و ئیسلامییەكان، بۆ پێگەیاندنی چەند كادیرو وتارخوێن‌و، نووسەرێكی بەتوانای ئاینی‌و ئیسلامی لەهەرێمەكەمان بەتایبەتیش لەشاری هەولێری پایتەخت.

# تێبینەرایەتی ئەوقافی قەزای مەخمور سەردانی ناوچەی مەخموری یەكێتی زانایان دەكات

**مەلا سەید صدیق كەپرانی- سەرپەرشتیاری راگەیاندنی ناوچەكان:** سەر لەبەیانی ٢٠١١/١/٦ مامۆستا سەید موسی مشاری بەرپرسی ناوچەی مەخموری سەر بە لقی هەولێری یەكێتی زانایان، بە ئامادەبوونی سەرجەم كارگێرو ئەندامانی ناوچە، لەبارەگای ناوچە پێشوازی كرد لەبەرێز حاجی سالار تێبینەری ئەوقافی مەخمورو شاندێكی یاوەری.

سەرەتا بەرپرسی ناوچە وێڕای بەخێرهێنانیان، زۆر سوپاسی تێبینەرایەتی ئەوقافی مەخموری كرد، كە هەموو كاتێك لەهەوڵی خزمەتكردنی مامۆستایانی ئاینی دان‌و، پاڵپشت‌و هاوكارن بۆ دەرخستن‌و سەركەوتنی ناوچەكەیان‌و بەدەم هاتنی داواكانیان. وە ئاماژەی بەوەكرد كە ئێمە دووپاتی هەماهەنگی لەگەڵ بەرێزیان دەكەینەوە، بەمەبەستی زیاتر خزمەتكردنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام‌و مامۆستایانی ئاینی، چونكە ئێمەو دەزگاكانی ئەوقاف تەواوكەری یەكترین.

دواتر لەلایەن خۆیەوە حاجی سالار، بەناوی خۆی‌و شاندی یاوەری زۆر سوپاسی كردن بۆ ئەم پێشوازیە گەرمەو، ئەم متمانەیان بە تێبینەرایەتەكەیان، وە جارێكی تر دووپاتی هەماهەنگی نێوان خۆیان‌و، یەكێتی زانایان كردەوە.

# لقی زاخۆ لە سمینارێكدا

لە روژا پینج`مبێ رێكەفتی ٢٠١٠/١٢/٢٣ لقامە پشكداری كر د سمینارا هاتی كرن ژلایی رێكخراوا (ئەكتید) یا بسەر رێكخراوا یونسیف یا نیف دەولەتی یا دژی توند و تیژی زاروكا وە بئامادەبوونا رێڤەبەرێ ئەقاف زاخو (سمیان عبدالخالق سعدی) لهولا مزگەفتا الآمین لزاخو وە لدەم ژمێر ١٠ سپێدێ‌وە هە ژی گوتنێ یە ئەف سمینارە تایبەت لگەل ووتاربێژێن دەڤەرا زاخوو دەوروبەرێت زاخو بیت بسەر ئەوقاف زاخو وە نینەرێ رێكخراوێ سوپاسیا ئامادەیا كر وەبخێرهاتناوان وە دیاركر كارێ وان بەرەڤانیە ژ مافێ زاروكا ژ توندوتیژیی وە دیركرناوان ژخرابیاو شولێن خرابو حەژێ كرنا زانینێ وە داخاز ژ ماموستایێن ئاینی كر هاریكاریاوان بشیرەت‌و وەعزا تایبەت دروژێن

بۆ ل١١

# لقی گەرمیان چەند كەسایەتییەكی ناوچەكە بەسەر دەكاتەوە

**دانا مەلا حەمەئەمین- گەرمیان:** سەر لەئێوارەی رۆژی هەینی ٢٠١١/١/٧ شاندێكی لقی گەرمیانی یەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستان كە پێكهاتبو لە بەرێزان: مامۆستا مەلا حەمەئەمین كەلاری ئەندامی مەكتەبی تەنفیزی‌و لێپرساوی لقی گەرمیان‌و مامۆستا مەلا سەلام تاوگۆزی جێگری لق‌و، مامۆستا مەلا ئیدریس ژاڵەیی‌و موحەممەد مەلا حەمەئەمین كارگێرانی لق‌و مامۆستا مەلا ئەحمەد بەردەسور ئەندامی لیژنەی فەتواو، مامۆستا مەلا هادی هیدایەت پێش نوێژو وتارخوێنی مزگەوتی ئیمامی عەباس لە كەلار، لە دوو سەردانی مەیدانی جیادا چەند كەسایەتییەكی دیاری سنوورەكەیان بەسەركردەوە.

سەرەتا شاندی ناوبراو لەگوندی سەعداوای سەربە قەزای كەلار سەردانی بەرێز شێخ موحەممەد شاكەلی كەسایەتی دیاری سنورەكەو وەزیری پێشوی وەزارەتی ئەوقاف‌و كاروباری ئاینی یان كردو، لای خۆیەوە بەرێز شێخ موحەممەد شاكەلی زۆر خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەرامبەر بەو بەسەركردنەوەیەو، دەستخۆشی لە زانایانی سنوورەكە كرد لە ئێستاو رابردوودا، كە توانیویانە خزمەتێكی بەرچاو بە كۆمەڵانی خەڵك‌و ناوچەكە بكەن.

دواتر هەر لەئێوارەی هەمان رۆژ شاندی ناوبراو لەناحیەی رزگاری سەر بە قەزای كەلار بەرێز شێخ موحەممەد شێخ سلێمانیان بەسەر كردەوەو، شایانی باسە لای خۆیەوە بەرێز شێخ موحەممەد شێخ سلێمان خۆشحاڵی خۆی بۆ ئەو سەردانەی ستافی لقی گەرمیانی یەكێتی زانایان دەربڕی.

